جامی ئەفریقا.. نیجیریا بە ئاسانی و بەچوار گۆڵی بەبەرامبەر لە مۆزەمبیقی بردیەوە



لە جامی ئەفریقا نیجیریا بە ئاسانی و بەچوار گۆڵی بەبەرامبەر لە مۆزەمبیقی بردیەوە.

لە یاریێکی قۆناغی 16ی جامی نێتیۆکانی ئەفریقا هەڵبژاردەی مۆزەمبیق رووبەرووی نیجیریا بوویەوە.

لە تایمی یەکەمدا نیجیریا باشتربوون و توانیان لە خولەکانی 20 و 25 دووگۆڵی یەک لەدوای یەک لەرێگەی لەکمان و ئیسیمین تەماربکەن.

پاشان تیپی بەرامبەر هەوڵەکی زۆریدا بۆ کەم کردنەوەی ئەنجامی یاریێکە بەڵام سەرکەوتوونەبوون، سەرئەنجام نیوەی یەکەم لەبەرژەوەندی نیجیریا کۆتایی هات.

لەنیوەی دووەمدا هەمان سیناریۆ بەردەوامی هەبوو بەجۆرێک لە خولەکی 47ئیسیمین دووەم گۆڵی خۆی سێیەمی هەڵبژاردەکەی تەمارکرد.

پاشان لە خولەکی 75ئادامس توانی ئیمزا لەسەر گۆی چوارمی نەجیریا بکات.

سەرئەنجام یاریەکە بە چواری گۆی بەبەرامبەر لەبەرژوەندی نەجیریا کۆتایی هات و گۆیشتنە قۆناغی چارەکی کۆتایی و مەزەمبیقیش مائاواییان کرد.